# "بەرواری دژایەتیەکانی یەکێتی بۆ پرۆژەی وەزارەتەکەی ئاشکراکرد"

**تەها بەرواری:**

**تا 10ساڵی تریش ئامادەم لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان ئامادەبم بۆ ئەوەی ڕاستی و ناڕاستی لەیەک جیابکرێتەوە**
**وەزارەتی وەرزش و لاوان بەناسروشتی لەدایک بوو بەناسروشتی ڕەفتاری لەگەڵ کرا بەناسروشتیش کۆتایی پێهێنرا**
**لەلایەک بەمن دەوترا ئیش بۆ سلێمانی ناکەیت لەلایەکی تر فەرهەنگخانەی ئێمەیان لەسلێمانی دادەخست**
**ڕەخنەیەکی یەکجار توندم هەیە لەسەرۆکایەتی پەرلەمان کە بێدەنگ بوو لەبەرانبەر ئەو زوڵمەی لەوەزارەتی وەرزشولاوان دەکرێت**

**هێرش قەرەداغی**
heersh_qeredaxi@yahoo.com

پێشتر وەک خوێندنەوەیەکی خۆم بۆ کارو پرۆژەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان و لەژێر ناوی جیاجیا ئەو شەڕە سیاسیەی کە بەرانبەر تەها بەرواری بەرپا کرابوو بابەتێکم نوسی ئەوەی لەم دوایەدا دڵخۆشی کردم ئەو چاوەروانیەم بوو لە وەزیری وەرزش و لاوان لەخوێندنەوەم بۆ بەڕێزیان لەدورەوە، کە ئەگەر لەکۆتایشدا بێت بەجیاواز لە هەموو ئەوانی تر وەک هەمیشەی بێ بیرکردنەوە لەبەرژەوەندی حزبی و ڕێککەوتنی ستراتیژی و هەر شتێک لەو شتە حزبیانە بەرواری سادقانە کێشەکان ئاشکرابکات، کە حزبی بەرانبەری بۆی دروستکردبوو لە بەڕێوەبردنی کارەکانیدا، ئەوەش وا دەرچوو لەدیمانەیەکی کەناڵی knn تەها بەرواری بەشەفافی وەڵامی هەموو ئەو پرسیارو تۆمەتانەی دایەوە کە روبەروی خودی خۆی و وەزارەتەکەی دەکرانەوە، بۆیەش من وەک پشتیوانی لە دروستی بڕواکانی پێشوم کە لەوتارێک خستبومە بەرچاوی خوێنەر، پێویست بوو لام ئەم دیمانەیەی بەرواری بۆ خوێنەران بگوازمەوە چونکە زۆرێک لەخوێنەران ڕەنگە دیمانەکەیان نەدیبێت.

وەزیری وەرزش و لاوان لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی کوردستان بەجیاواز لەهەموو وەزیرەکانی تر کە بەبێ دەنگی وەزارەتەکانیان بەجێهیشت لەدیمانەیەکی کەناڵی knn زۆرێک پرسیاری جدی و حەساسی وەڵامدایەوە لەسەرەتاو لەوەڵامی پرسیارێک کەئاخۆ لەدەرەوەی کوردستان بەچ بەرنامەیەک هاتەوە وتی"لەوێش دور نەبوم لەپرسی کوردستان وەکو نوێنەری حکومەتی کوردستان لەدەرەوەی وڵات کارم کردوە، بەڵام زۆر جار گوێم لەوە دەبوو کە حکومەتی کوردستان بێ پیلان و بێ بەرنامەیە بۆ گەنج و لاو بۆیە یەکەم شت کەکردم تیمێکم لەخەڵکی تەکنۆکرات لەگەڵ خۆم هێنا لەدەرەوەی وڵات لەگەڵ تیمێکی تر تێکەڵم کرد، خۆتان ئەزانن دامەزارندن و پیادەکردنی بەرنامەیەک لە وەزارەتێک کە پێشتر نەبووە بۆ کوردێک کەلەدەرەوەی وڵات بووە و تۆڕێکی زانیاری فرەوانی لەناوخۆی وڵات نەبووە هەروەها نەبونی بیرۆکراسیەتێکی حکومەتی و فەرهەنگی و نەبونی فەرهەنگی حکومەتێکی سەرکەوتوو کێشەیە، کە لەوڵاتانی تر وایە وەزیر دێت لەسەر مەکینەیەکی بیرۆکراسی ڕێکوپێک دادەنیشێت، بەڵام لەم وەزارەتە ئەمانە نەبوو، بۆیە پێم وایە کارێکی یەکجار قورس بوو، بەس ئەوەی بۆ من گرنگ بوو توانیمان لە2006/8/ 12 لەیەکەم پرێس کۆنفرانسدا لەرۆژی جیهانی لاوان بەرنامەو کاری وەزارەتی وەرزش و لاوان رابگەیەنین کە نەناسراوبو ".

بـەڵام وەزیـری وەرزش و لاوان بـۆ knn ئـەوەی رەتکـردەوە کـە لەگـەڵ خـۆی کـۆپی فکـرەی دەرەوەی هێنابێتەوە  وەک وتی"بڕوام بـەکۆپی نیـە چونکـە کۆپی سـەرکەوتو نابێت بـەڵام دەکرێت  لە ئەزمونی خۆم لەدەرەوەی وڵات ئیستیفادە بکەم و لێرە پیادەی بکەم".

لەلایەکی تر زۆر بـاس دەکرا کـە لـەوەزارەتی وەرزش و لاوان بودجـە بـەفێڕۆ دراوە، بـەڵام بەرواری وەزیری ئەو وەزارەتە لەو دیمانەی کەناڵی کەی ئێن ئێن باسی کرد، کە دوو ساڵ وەزارەتەکـەی بـێ بودجـەو بـەهاوکاری چووە بـەڕێوە"خۆتـان دەزانـن لێـرە لـە حکومـەتی کوردسـتان وەزارەتێـک قـانونی نـەبوو بودجـەی نیـە، وەزارەتـی وەرزش و لاوان لەسـاڵی 2006 دامەزرا لەمانگی مانگی 11ی 2007 قانونەکەی پیادەکرا، واتە هەم ساڵی 2006 و هەم ساڵی 2007 بێ بودجە بوین، ئـەوەی کـەدەکرا هەنـدێک لـەو خـەرجیە پێویستانەبوو کە بـەڕێگای پەیوەنـدی لـەگـەڵ سـەرۆکایەتی  ئەنجومـەنی وەزیـران  داوادەکراو کارەکـان دەکران، من وتومە لەدابەشکردنی بودجەی کوردستان  ئەوەی کە پەیوەندی بە وەزارەتـی وەرزش و لاوان بـوو بەشـی ئێمـەی نـەدەکرد ئـەو پێویسـتیانەی پڕنـەدەکردەوە کـە ئێمـە پێویستمان پێی هەبوو".

جگـە لـە بودجـە یـەکێک لـەو کەسـە تەکنۆکراتانـەی کـە هـەر رۆژنامـەوانێک یـان کەسێک لەنزیکەوە لەگەڵی دانیشتبێت و لەکارەکانی کۆڵیبێتەوە دڵنیادەبوو کەسێکە بـەجیاواز لـە هـەموو بەڕیوەبـەرە هاوپیشـەکانی خۆی لەوەزارەتـەکانی تـر زۆر مەدەنیانـەو دڵسۆزانـەتر کارەکـانی رادەپـەڕێنێت "ئاسـۆس" بـوو لـە وەزارەتـی وەزش و لاوان، کـەزۆرکات بـەهۆی سـادەیی ئـەم پیـاوەوە هەسـتت نـەدەکرد بەڕێوەبـەرە لـەو وەزارەتـەو بـەجموجوڵی بـەردەوامی یـان بەکارمەنـد یـان شۆفێر دەهاتـە بـەرچاوت، چونکـە نـەبووە بەنـەریت لـەو وڵاتـە، بەڕێوەبەری گشتی قاتی لەبـەر نـەبێت و بـەزەنگو بـە پۆزەوە کارمەنـدەکانی بانـگ نـەکات، بەڵام ئـەم ئاسۆسـە کـەتوبوە بـەر رەخنـەو قسـەی هەنـدێک کـەس گوایـە گەنـدەڵی کردووە، لەو بەرنامەیەشدا پێشکەشکار پرسیاری لـەوەزیر کـرد بـۆچی ئاسۆس گرێبەسـتی بـۆ کـراوە بـەبـڕی 4600 دۆلار مانگانـە؟. بـە شـەفافیتەوەو بەویژدانـەوە باسیکردنی ئـەم کارمەندە ماندوەی وەزارەتەکەشی لەلایەن بەرواریەوە جێی سەرەنج بوو چونکە تا ئێستا ئەمەشیان نـەریت نیـە وەزیـر باسـی لێهـاتوی کارمەنـدی بکـات، کـە لـەوەڵامەکـەی لەسـەر ئاسۆس تـەها بـەرواری وتـی"حـەزم دەکـرد ئـەو مەبلـەغـەی کـە وتـت بیخـەیتـە بـەینی کەوانـەوە چونکـە زۆر شـت لـەرۆژنامـەکان وەردەگیرێـت وانیـە   وەزارەتـی وەرزش و لاوان بەناسروشـتی لـەدایک بـوو، بەناسروشـتی ڕەفتـاری لەگـەڵ کـرا، بەناسروشـتیش کۆتـایی پێهێنرا، من پێم وایە ئەو پارەیە کە بەکاک ئاسۆس دەدرێت ئـەو مەبلـەغـە نیـە تـۆ باسـت کرد، ئەو مەبلـەغە راست نیە، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێم کـاک ئاسۆسم لـە ئیشێکی سابت دەرهێناوە لەئەوروپا، کە زۆر پارەیەکی باشتری لێرە وەردەگرت، مـن حەزدەکـەم تیمێکـی ئێـوە بێـت بـەراوردێک لـەنێوان کـارو بەرهـەمی کـاک ئاسۆسـدا بکـات لەگـەڵ هـەر بەڕێوبەرێکی گشتی بزانین کارو داهاتی کامیان زۆرترەو جیاوازی چی هەیە".

لایەنێکی تر کە زۆر گرنگ بوو لام لەم دیمانەی تەهابەرواریدا ئـەوەبوو ئالـەم کاتـەی کـە پـارتی و یـەکێتی مـوو لـە دەمـی یـەک دەبژێـرن، پـەردەی لەسـەر دژایـەتی یـەکێتی بـۆ کارەکانی خۆی هەڵماڵی و بە ئاشکرا وتی کە بەهۆی بروای حزبیەوە ڕیگا لە پرۆژەکانیـان گیــراوە، بەڕاســتی ئەمــەش  مایــەی دەستخۆشــی بــوو لام، وەزیرێــک لـەیــەکێک لەلایەنەسەرکیەکەی لیستی کوردستانی، لەو تەلەفزیۆنەی کە نـەک وەک راگەیانـدن وەک دوژمنـی لیسـتەکە لێـی دەروانرێت لای هەنـدێکیان، بـەڵام ئـەو بـەبـێ گوێدانـە رێکـەوتنی

ستراتیژی ئەو جۆرەشتانە ئاشکرای بکات، کە لەسەردەمی یەکگرتنەوەش دژایەتی حزبی بونی هەیە، وەک ئەوەی لەوەڵامی پرسیاری کاکی پێشکەشکار کە ئایا هۆی چی بوو عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی حکومەتی کوردستان دژایەتی پرۆژەکانی فەرهەنگخانەی لاوانی وەزارەتەکەتی دەکرد؟ وتی"هەرچەند رەنگە شاشەی تەلەفزیۆنی ئێوە لەروانگەی سیاسیەوە شاشەیەک نەبێت من کە وەزیرێکم سەربەحزبێک لەلیستی کوردستانی ئەمە باسبکەم لەروی پرەنسیپەوە، بەلاَم ئەگەر بەئامانەتەوە قسەبکەم پێم وایە دیدی گشتی یەکێتی نیشتیمانی بوو، نەک کاک عومەر بەتەنها، خوێندنەوەیەکی نادروست هەبوو بۆ فەرهەنگخانەکان، خوێندنەوەیەکی سیاسی و حزبی هەبوو. زۆر هەوڵمدا ئەو خوێندنەوە سیاسی و حزبیە راستبکەمەوە بەلاَم ئاسان نەبوو".

هەروەها بەرواری بۆهۆکاری ئەو دژایەتیەی یەکێتی و داخستنی فەرهەنگخانەکانی وەزارەتەکەی وتیشی"من پێم وایە بۆ چەند لایەک دەگەڕێتەوە یەکەم فەرهەنگی حکومەتی لەکوردستان هێشتا پێویستی بەکارکردنێکی زۆر هەیە، دووەم رابردوی ناخۆشی پەیوەندیەکانی شەڕی ناوخۆیی کاریگەری تا ئێستاش بەسەر مێشکی زۆر خەڵک هێشتۆتەوە و وای کردوە پەیوەندیان بەشێوەیەکی تر لەگەڵ دەرەوەی خۆیان هەبێت، بەلاَم من خۆشحاڵم کە یەکێک لەوانەی لەمانگی 5 داوەتمانکرد بەرێز پرۆفیسۆر دلاوەر عەلائەدین بوو سیمیناری دەگێڕا و لەگەڵ زۆر لاویکیش قسەی کردبوو، دواتر لەگەڵ برادەرانی یەکێتی قسەی کرد کە ئەم کارەی وەزارەتی وەرزش و لاوان دەیکات، لەئاستێکی زۆر بەرزدایە و لەبەریتانیاش شتی وا رێکوپێک ناکرێت، بەلاَم سودی نەبوو، بۆیە خراپ خوێندنەوەی ئەو کارە من پێم وایە بەشکڵێکی عام ئەو فکرە حزبیە بالاَ دەستەیە کە لەپشت ئەو مەزوعەیە و حەزنەکردن بەو سیستەمەو هەوڵنەدان بۆ تێگەشتن لەو واقیعە بوو، چونکە من زۆر هەولّی تێگەیاندنیانم دەدا، بەلاَم لەلایەک بەمن دەوترا ئیش بۆ سلێمانی ناکەیت لەلایەکی تر فەرهەنگخانەی ئێمەیان لەسلێمانی دادەخست، لەکاتێکدا ئەو فەرهەنگخانەمان بە ئامادەیی ئازاد جوندیانی بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی کردەوە، ئیستا کە کۆتایی ئەو کابینەیە باسی ئەو مەسەلەیە دەکەم و پێشتر باسم نەکردوە، چونکە ئامانجی فەرهەنگخانەکان دروستکردنی ئاشتی و پێکەوەیی بوو کوردستانیش پێویستی بەتەبایی و برایەتی و لێک تێگەشتنی زیاترە" .

تەها بەرواری هەر لەو دیمانەی knn ئاماژەی بەوەکرد کە فێری زۆر شتی کوردستان نەبوە و هیواشی خواست فێریش نەبێت و وتی حەزناکەم فێری هەندێ شتیش ببم، من هەمیشە قسەیەکم هەیە کە دەلّێم دوگمەیەکی پۆزەتیڤ گوشار بدەین، هەمیشە خۆمان تەیار بکەین بە بە پرۆگرامی پۆزەتیڤتر ولاَت و کوردستانی خۆمان خۆشبویت. بۆ ئەوەی بتوانین ئەم دەستکەوتانە بپارێزین، بەلّێ ئێمە دەتوانین دیتنی جیاوازمان هەبێت بەلّێ دەتوانین رەنگی سیاسی جیاوازمان هەبێت بەلاَم دەبێت رەنگە سیاسیەجیاوازەکان ئامرازبن بۆ خزمەتی پرسە گشتیەکە، کە ئەم پەرلەمان و حکومەتەیە.

یەکێک لەکارەکانی ئەم وەزارەتی لاوانە کەمن زۆر پێم باش بوو دروستکردنی کارگەیەک بوو لە ناحیەی رزگاری، کە کارمەندەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانن، ئەوانەی هەموومان دەزانین چی بێکاریەک روی تێکردبوون، بەلاَم لەو بارەش رەخنە لەم وەزارەتە هەبوو بۆیە پێشکەشکار لەوەزیری وەرزش و لاوانی کابینەی پێشوی پرسی، لەناحیەی رزگاری کارگەی دورومان هەیە گوایە پارەکەی بۆ حکومەت ناگەڕێتەوە و

هۆڵەکەشی دەدرێت بەکرێ، ئۆتێلێکی تایبەتت هەیە ڤیستیڤاڵەکان دەبەیتە ئەوێ لەبەر ئۆتێلەکەت؟؟ بەڵام بەرواری لەم پرسیارەش بێباکانە وەڵامی هەبوو سەرپشکی کردن کە کەناڵی کەی ئێن ئێن بەدواداچون بکەن و وتی" ئەو کارەی ناحیەی رزگاری یەکێک لە پرۆژە هەرە شانازیەکانی وەزارەتە، کە دەتوانێ شانازی پێوە بکات، 40 کچ و ژنی ئەنفالکراو لەناحیەی رزگاری کە لەوەزعێکی ئابوری و دەرونی زۆر تایەبەتدا بوون، ئێمە کۆمەکمان کردوون بۆ ئەوەی کار بکەن و بەرهەمی خۆماڵیان هەبێت، یەکێک لەو رەخنانەی کە ئێستا هەیە ئەوەیە حکومەت بەرهەمی خۆماڵی نیە، ئێمە ویستومانە ئەوە بکەین، یان شتێکمان بەکوردستان ناساند کە پێی دەڵێن وردە پرۆژەی بچوکی ئابوری، یەکێک لەو وردە پرۆرژە بچوکانەی ئابوری ئەو کارگە بوو کە هەم ئاراستەیەکی ئابوری بۆ ئەو خێزانانە دروست بکەین، هەمیش بەرهەمیان هەبێ، بەڵام حەزدەکەم ئەوە بڵێم ئێمە بۆ ئەو کارگەیەمان سەرفکردووە، نەک دەستکەوت بۆخۆمان، لێشتان ناشارمەوە ئەگەر دەعمی سەرۆکی حکومەت نەبوایە، بەبڕینی هاوکاریەکان ئێستا نەماندەتوانی درێژە بەو پرۆژە بدەین و ئەو کارگەیە ئێستا قەپات بوو، بەڵام جەنابی کاک نێچیرڤان چاوی لە هەموو کارێکی پۆزەتیڤە کە لە کوردستان دەکرێت. خۆشحاڵێشم ئەو پرۆژەیە بەردەوامە و ئێستا کەوتۆتە سەر وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، هەرکاتێکیش ویستتان وردبینی لەسەر ئەوە بکەن ژمێریارێک لەگەڵ خۆتان ببەن بێ ئەوەی ئێمە لەگەڵتان بین، بچن کۆنترۆڵبکەن، بزانن چەند پارەیان وەرگرتووە و چۆن و بۆکوێ چووە، زۆر بەشەفافیەت بیخەنە روو پێشم خۆشە ئێوە وەکو کەی ئێن ئێن ئەو کارە بکەن، چونکە پرۆگرامێکی ئێوەم بینی  پێش ئێستا لەسەر وەزارەت پێم وایە تەنها پرۆگرامێکی سەرکەوتو کە کرابێت و دیتنی جیاوازی ، رەنگە من تێبینیم لەسەری هەبێت بەڵام پرۆگرامێکی فرە دیت بوو دیتنێکی بەخەڵکی کوردستاندا ".

لەوەڵامی ئەوەش کە بەرواری ئۆتێلی هەیەو میهرەجانەکان دەبات بۆ شەقڵاوە لەپێناو ئوتێلەکەی خۆی ئەم وەزیرەی کابینەی پێنجەم هەر لەو بەرنامەیە بۆ کەی ئێن ئێن دەڵێت"من نەلەکوردستان و نەلەدەرەوە ساحێبی هیچ ئۆتێلێک نیم، هیچ ڤیستیڤاڵێکیشمان لە شەقلاوە نەکردووە تا بیان بەینە ئەو ئوتێلانە، راستە براکانم ئوتێلیان هەیە بەڵام من دوو جار رەفزم کردووە بچمە ئەوێ، ئەگەر هەندێک کۆنفرانساتیش برابێتە ئەوێ لەوەزارەت لیژان هەیە ئەو کارەیان کردووە خۆتان دەتوانن لەگەڵ ئەو لیژانانە دابنیشن و لێیان بپرسن بۆ ئەوەش هۆکار هەیە وەک شوێن، من نامەوێ قسە بکەم بۆ ئەوەی نەبێتە ریکلام بۆ ئەو جێگەیانە، بەڵام شوێنی وا گونجاو تائێستا لەکوردستان نیە بۆ کۆنفرانسات".

رەخنەیەکی تر کە لەم بەرنامەیە روبەڕوی بەڕێز تەها بەرواری کرایەوە ئەوەبوو کە پێشکەشکار وتی تۆ بەرپرسی رێکخراوێکی کۆمەک بویت بۆ لێقەوماوانی کوردستان، دواتریش ئاهەنگێکت سازکردوە دۆستانی کوردت لەوێ لە سوید خەڵات کردوە، ئەمە تەناقوز نیە؟ لەلایەک کۆمەک کۆ دەکەیتەوە، لەلایەک خەڵات دەبەخشیتەوە ؟؟ بەڵام تەها بەرواری بۆ وەڵامی ئەوەش پاساوی هەبوو وتی"بەناوی کۆمەک هیچ ئاهەنگێکمان سازنەکردوە، من بەرپرسی رێکخراوی کۆمەکیش نەبووم ئەندامی فەخری بووم، پێش ئەوەی بێمە ئێرە سێ ساڵ ئابونەی خۆم لەسەر یەک داوە، لەبەر ئەوەی بڕوام بەوەبووە کارێکی جوانە، ئێستاش هاوکارێکی زۆرنزیکی وەزارەتن، بۆ خەڵاتیش ئەو کارانەی کەدەکرێت پێی دەڵێن کورد گالا، نوێنەرایەتی حکومەتی کوردستان لە باکوری ئەوروپا

دەیکات، ئەو موبادەرەیەش لەو نوێنەرایەتیەدا کراوە، من پێم وایە وەک کارەکەی ناحیەی رزگاری کەکردومانە، ئەمیش جێی شانازیە کە کورد بەرنامەی پۆزەتیڤی هەبێت، ئەو جۆرە ئاهەنگانە بۆ ئەوەنیە پارە کۆبکەیتەوە، بۆ ئەوکارە بەرپرسانی باڵای ئەو وڵاتانە دێن، بۆنمونە وەزیری کاری سوید و سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید مونا سالین ئامادە بووە سەرۆکی پارتی چەپ ئامادەبووە سەرۆکی پارتی سەوز ئامادە بووە کۆمەڵێک موئەسەسات ئامادەبوون" وتیشی بۆیەئەگەر نرخە مەعنەوی و سیاسیەکەی ببینی دەزانی ئەمە شتێکی پۆزەتیڤەو سەرسامیشی بەو جۆرە رەخنانە راگەیاند وتی"من پێم سەیرە بۆچی شانازی بەوە دەکەین کە ئەوان مونەزەمات دەنێرن تەرویجی سیاسەتی دیموکراسی و ژن دۆستی و مرۆڤ  پەرستی بڵاو دەکەنەوە؟ بەڵام شانازی بەوە ناکەین حکومەتی کوردستان بگاتە ئەو ئاستەی لەئاستێکی وابەرزدا کارێکی وابکات".

یەکێکی تر لە کێشەکانی ئەم وەزارەتە کەمن پێشتریش لەوتارێک ئاماژەم پێکردبوو، گواستنەوەی شەڕی سیاسی و حزبی لەگەڵ ئەم وەزارەتە بوو کە بارگاوی کرابوو بە تۆمەتی گەندەڵی و دەیانویست بیگوازنەوە بۆ شەڕێکی قانونی بۆ ناو پەرلەمان، سەیر لەوەدایە بێ ئەوەی ئەم وەزیرە یەک رۆژ ئامادەنەبونی خۆی رەگەیاندبێت بۆ لیپرسینەوەی لە پەرلەمانی کردستاندا، لەراگەیاندنەکان کرایە گاڵە، گوایە وەزیری وەرزش و لاوان ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان نابێت، بەڵام ئەوەتا لەم دیمانەیەدا تەهابەرواری بەڵگەکانی بۆ کەناڵی ئاسمانی کەئێن ئێن ئاشکرا دەکات، کە بۆخۆی زۆر لە پێش ئەو مەسەلەیەش بەشانازیەوە داوای ئەو دانیشتنەی پەرلەمانی کردووە وەک وتی"لەکتێبی چالاکیەکانی وەزارەت لە لاپەڕەی دوو لە رازو نیازیك لەگەڵ خوێنەران باسم کردووە، رەخنە لەسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەگرم، کە دەڵێم دەرفەتی ئێمەیان نەدا بێم لەپەرلەمان ئامادەبم، لە 12/ 12/ 2007 من داوام کردووە بچمە بەردەم پەرلەمان و ئامادەبم، کەهیچ کەس باسی ئامادەیی منی نەکرددبوو خۆم داوامکرد بچمە بەردەم پەرلەمان بەلام نەیان کرد" بەرواری بەجیاواز لەو وەزیرانەی لە لێپرسیەنەوە رادەکەن بەتەحەداوە ئێستاو بۆ ئایندەش ئامادەیی خۆی دەر بڕی و وتی" من زۆر خۆشحاڵتر دەبووم کە ئەو دەرفەتەم پێدرابا، لە پەرلەمانی کوردستان ئامادە بومایە، تا 10ساڵی تریش ئامادەم لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان ئامادەبم، بۆ ئەوەی ڕاستی و ناڕاستی لەیەک جیابکرێتەوە، خەڵکی کوردستان زۆر شایستەی ئەوەن کە حوکم رانیەکی ڕێکو پێکیان هەبێت من لەڕێگای کاری خۆمەوە ویستومە ئەو شەفافیەتە پێشان بدەم، رەنگە هەر ئەو شەفافیەتەش بێت وایکردبێت کەزۆر جار بوبێتە موشکیلە" هەروەها وەک بەڵگەیەکیش بۆ ئەو ئامادەیە بە پێشکەشکاری بەرنامەکەی وت" من دوای ئەم دیدارە وەک دیکۆمێنت نوسخەیەک لەداوکاریەکانم دەدەم بە ئێوە کەخۆم داوام لەپەرلەمان کردووە ئامادەبم و وتومە شانازیەکی زۆر گەورەیە بۆ من، کە ببینم پەرلەمانی کوردستان وەکو دەزگایەکی چاودێر بەدوای کاروباری حکومەتدا بڕوات ئەمە قیمەی دیموکراسیە. بەس پێموایە پراکتیزەکردنی کاری پەرلەمانی فەرهەنگێکی تازەتری دەوێت، ئەو فەرهەنگەی بەرانبەر وەزارەتی وەرزش و لاوان پەیڕەوکرا، لیژنەی رۆشنبیری بوو یان هەر لیژنەیەک بوو دەبوو تەواو کەری یەکتر بن و لەپەرلەمان کارەکان بکرێت، بەڵام کەتۆ لەکەناڵی پەرلەمانی و حکومەتی لاتدا، بۆ میدیا مانای ئەوەیە تۆ ئەجندایەکی شاراوەی ترت هەیە، ئەتوانم زۆر بەسەراحەتەوە بڵێم رەخنەیەکی یەکجار توندم هەیە لەسەرۆکایەتی پەرلەمان کە بێدەنگ بوو لەبەرانبەر ئەو زوڵمەی

لـەوەزارەتـی وەرزش ولاوان دەکرێت، لەهـەمان کـاتیش بووەتـە کـەناڵی بـەرزکردنـی تـەنها هەندێک تێبینی و پرسیار".
لەم دیمانەیەدا تـەها بـەرواری زۆر لایـەنـی تـری حـەساس بـەشـەفایـەتەوە وەڵام دەداتـەوە هەموو ئـەو تۆمـەتانـەش روندەکاتـەوە کە ئاراستەی وەزارەتەکەی کرابوون.
بۆ بینینی تەوای دیمانەکەی تەها بەرواری لەکەناڵی knn دەتوانی کلیک لەسەر ئەم لینکە بکەیت.
http://www.youtube.com/watch?v=8X9aGBdXwl8